www.kurdistannet.org
05/01/2002 20:12

# هەڵوەستەیەك لەگەڵ هونەرمەندیکورد شەهرام نازری بەبۆنەیکۆنسێرتی ئەم دواییەی بۆ منداڵە ئەفغانیەکان

دلْشاد خۆشناو/تاران

*گۆرانیبێژی ناوداری کوردی کرماشانی ، وێنی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی رایگەیاند کە:بەم زوانە کۆنسێرتێکی گۆرانی و مۆسیقا لە هۆڵی (تالاری وەحدەت) بەڕێوە دەبات بە هاوکاری لەگەڵ گروپێکی مۆسیقای ئەفغانی. هەر لەم کۆنفرانسەدا لە چەند چرکەیەکدا ئەم پرسیارانەمان لی کرد:*

- *وەك پێشتر پێت راگەیاندین کە دەرامەتی ئەم کۆنسێرتەتان بۆ منداڵە ئەفغانیەکانە ،ئایا ئەوە یەکەمین جارە کە ئەم کارە بکەن؟*

✓ نەخێر ئەمە یەکەم جار نییە ،چونکە من لەم دوو ساڵەی دواییدا کۆنسێرتی زۆرم بەڕێوە بردوە ،کە دەرامەتی هەندێکیان بۆ کاری خێرخوازی خەرج کراوە ،لەوانە یەکێکیان بۆ منداڵە کوێرەکان ،و یەکێکیان بۆ لافاو بردوەکان ،و یەکێکیان بۆ ئەو منداڵانەی نەخۆشی شێرپەنجەیان هەیە و چەندانی تریش ،ئەم جارەش ئەم کۆنسێرتەم دەرامەتەکەی بۆ منداڵە ئەفغانیەکانە ،و جگە لە ئێمەش گروپێکی ئەفغانی وەکو نوێنەری هونەری مۆسیقای ئەفغانستان بەژداریمان لەگەڵ دەکات کە سەرپەرشتی ئەو گروپە لە ئەستۆی هونەرمەند (خۆشنەواز) دایە ،کە رەبابە ژەنێکی ئەفغانی بەناوبانگە.

- *ئەو کارانەی کە لەم کۆنسێرتەدا پێشکەشی ئامادە بووانی دەکەن کاری نوێتانە یا پێشتر پێشکەشت کردون؟*

✓ ئەم کارانەم دووبارەیە ،هەر ئەو کارانەن کە ماوەیەك پێش ئێستا لە کۆشکي(سەعد ئاباد) پێشکەشم کردبوون ،لەم کارانەم سودم لە شیعرەکانی حافیز و مەولانا وەرگرتوە.

- *چۆن دەتوانی پەیوەندی لە نێوان شیعری مەولانا و ئەفغانستان دروست بکەیت؟*

✓ سەیرکە ئەدەبیات لێوالێوە لە بزاڤ و کۆمەڵە هەستێکی مەعنەوی مرۆڤایەتی ،یەکی لە دێرە شیعرەکانی مەولانا وەك بڵێی بۆ سەرکردەیەکی وەکو (ئەحمەد شا مەسعود) نوسراوە کە نامەردانە کوژرا ،خۆت دەزانی بە (ئەحمەد شا مەسعود)یان دەگوت شێری (دۆڵی پێنج شێر) دێرە شیعرەکە بەم جۆرەیە:

هاتووم وەکو شێرێکی نوی تا قوفلی زیندان بشکێنم

ئەم شیعرە وەك بڵێی بۆ خودی (شا مەسعود) نوسراوە و باسی ئازایی ئەو سەرکردەیە دەکات ،بەڵێ ئەو کۆنسێرتە جۆرە پەیوەندیەکی بە ئەفغانستانەوە هەیە.

- *سەبارەت بە مۆسیقای کلاسیکی میللی ئێران چی دەڵێن؟*

✓ مۆسیقای میللی ئێران دەتوانی جیهانی بێت ،چونکە مێژویەکی پێنج هەزار ساڵەی هەیە. هەندی لە مۆسیقیە میللیەکان زۆر سەیرن تەنیا ئەو مۆسیقایە لێدەدەن و دەڵێنەوە کە پێشتر وەکو دەرزیەك رژێنراوەتە دەمارەکانیان ،مۆسیقای میللی ئەمرو بۆتە یادگاری و بیرەوەریەکانی رابردوو ،کۆمەڵگایەکی زیندوو لەگەڵ بیرەوەری مردوەکان دەژیێ.

- زۆر سوپاستان دەکەین کە ئەم دەرفەتەتان بۆ رەخساندین.

✓ سوپاس بۆ ئێوە.

لە کۆتاییدا هەر لەم کۆنفرانسەدا چەکێکی (سی ملیۆن) تومانی کە دەکاتە نزیکەی (چوار هەزار دۆلار) لە لایەن (فەرزین پیرۆزی) درا بە (بەڕێوبەری گشتی مانگی سوری ئێرانی) بۆ خەرجی منداڵە لافاو بردوەکانی پارێزگای گوڵستانی باکوری ئێران ،هەروەها هەمان بڕی پارەش لە لایەن هونەرمەندی کورد شەهرام نازری درا بە بەڕێوبەری ناوبراو بۆ خەرجی منداڵە ئەفغانیەکان.

تایبەت بە کوردستان نێت